

ئاوێزان حوسێن یاریزانی فوتساڵی فێرگەی رانیە:

# ئەگەر خەونێکت هەبێت و هەوڵی بۆ بدەیت هیچ شتێک قورس نییە

**تیپی فوتساڵی فێرگەی رانیە یەکێکە لەو تیپانەی کە ساڵانە لەسەر ئاستی ئیدارەی راپەڕین چەندین کچە یاریزانی بەتوانا پەروەردە دەکات، بەتایبەت سەنتەری قەزای رانیە، کە راهێنەرە خۆبەخشەکانی لە تیپەکەدا گرنگیی تەواو بە یارییەکانی وەرزشی تۆپی پێ دەدەن، فوستاڵیش یەکێك لەو تیپە وەرزشییانەیە کە هەردەم خزمەت کراوە، بۆ ئەوەی کچانی سنوورەکە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو خولی نایابی فوتساڵی کچانی کوردستان و عێراق کێبرکێ بکەن، ئاوێزان حوسێن کە لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٠ی بنگرد-ی سەر بە قەزای رانیە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە، هەر چەندە تەمەنی کەمە، بەڵام هەمیشە خەونی گەورەی بۆ دواڕۆژی خۆی هەیە، ئەمساڵیش خەونی ئەوەی هەیە کە لە خولی پلە نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بتوانێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***چون بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشی؟**

-هەر لە منداڵییەوە ئاواتم وەرزشکردن بوو، بەتایبەتی یاریی تۆپی پێی، ماوەیەکی کەمە دەستم بە تۆپی پێی کردووە، بەڵام فێرگەی رانیە شوێنی دەرکەوتنم بووە، فێرگەیەکی خۆبەخشە و چەند راهێنەرێکی خۆبەخش بەڕێوەی دەبەن.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە کە ئەویش تۆپی پێیە؟**

- ئەگەر خەونێکت هەبێت و هەوڵی بۆ بدەیت، هیچ شتێك قورس نییە.

*** ئایا یاریی تۆپی فوتساڵ بۆ کچان لە قەزای رانیە وەکو پێویست گرنگیی پێ دەدرێت؟**

- بەڵێ لەلایەن فێرگەکەمانەوە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، بەڵام کچان وەکو پێویست پابەند نین بە مەشق و راهێنانەکانەوە، لە کاتێکدا چەندین کچە یاریزانی بەتوانامان هەیە لەو شارەدا.

*** یاریی فوتساڵ و تۆپی لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- وەکو پێویست نابینم، چونکە یانەکان ئەوکاتانە کچانیان بیر دێتەوە کە خولە ناوخۆییەکان نزیك دەبێتەوە، دواتر دادەبڕێینەوە لە وەرزشکردن، بەڵام ئێمە لە فێرگەکەمان هەمووکات بەردەوامین لە ئامادەکاری و هیچ شتێك ئێمەی نەوەستاندوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ و تۆپی پێ ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

- هیوادارم بڕیارێك دەربچێت یانە و دامەزراوە وەرزشییەکان، ئیجبار بکرێن فێرگەی تایبەت بە کچانیان هەبێت، بۆ ئەوەی تیپەکانیان بەردەوام ئامادەییان هەبێت بۆ خولەکان.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-هەموو کات هەوڵم داوە کە باشترین ئاست لە ناو یاریگادا پێشکەش بکەم و ئامادەکاریی باشم بۆ یارییەکان هەبێت.

*** وەکو یاریزانێك هیوا و ئاوات چییە؟**

- ئاواتەخوازم رۆژێك بێت خۆم ببمە راهێنەری تیپێکی کچان، تا هانیان بدەم بۆ ئەوەی بێنە ناو وەرزش، بەتایبەتی تۆپی پێ.

*** چ داوکاری و پێشنیارێکت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی هەیە؟**

-داواکارم لە لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان ئاوڕێکی جدی لە دەڤەری راپەرین و بەتایبەت شاری رانیە بدەنەوە، چونکە هیچ بۆ وەرزشکارانی رانیە نەکراوە و ئەو شارە هۆڵێکی شایستە بەخۆیان نییە، کە دەروازەی راپەرینە، ماوەی هەشت ساڵە ئەو راهێنەرە خۆبەخشانە دوو تیپ بەرێوەدەبن، هیوادارم کارێك بکرێت شایستەی ئەم دەڤەرەبێت، ئێمە وەکو یاریزان لە یاریگای چیمەن و کراوە مەشقەکانمان دەکەین.

*** بۆچی کچان بە شێوەیەکی بەربڵاو روو لە یاریگاکان ناکەن بۆ وەرزشکردن؟**

- بەشێکیان پەیوەندیی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و بەشێکیان بە تەمبەڵیی کچان خۆیانەوە، هەرچەندە ئێستا خۆشبەختانەش وردە وردە کچان روو لە فێرگەکان دەکەن.

***پەتای کۆرۆنا رێگریی لە مەشقەکانتان نەکردوە؟**

-نەخێر، بەپێچەوانەوە، ئێمە بەپێی رێنماییەکان مەشقەکانمان ئەنجامدەدەین، بۆیە رێگرییەکی وای نەکردووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

-سوپاس بۆ خانەوادەکەم کە پاڵپشتی گەورەن بۆ من، هەروەها سوپاسم بۆ هەریەك لە راهێنەرەکانم لە فێرگەی رانیەی دایك (م.شاناز، م.نەبەرد، کاك ئازاد چنارەیی ) هەیە کە زۆر ماندوو بوون لەگەڵم، سوپاسی هاورێکانیشم دەکەم کە پاڵپشتم بوون، زۆر سوپاسیش بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە بەبێ جیاوازی بۆ وەرزشکاران ئەنجامی دەدات.

# مەزن محەمەد گازی باکوور دەکاتە پاڵەوانی عێراق

بەمەبەستی بەشداریکردنی لە خولی تۆپی پێی خانمانی یانەکانی عێراق، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی گازی باکووری شاری کەرکووك، گرێبەستی لەگەڵ مەزن محەمەد راهێنەری یانەی شاری هەولێر و کوردستان و ژمارەیەك لە کچە یاریزانانی شارەکانی کوردستان مۆر کرد، ئامانج لە مۆرکردنی ئەو گرێبەستەش بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە خولی نایابی یانەکانی تۆپی پێی فوتساڵ و کراوەی یانەکانی عێراق، کە وا بڕیارە لە ناوەڕاستی عێراق بەڕێوە بچێت، لە بارەی چوونی ئەو راهێنەرەش بۆ ریزی یانەی گازی باکوور (مەزن محەمەد) راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەرزی رابردوو گرێبەستمان لەگەڵ یانەی نەفتی شیمال ئەنجامدا و توانیمان لەگەڵ ئەو یانەیە ببینە پاڵەوانی فوتساڵی عێراق لە شاری حللە، بۆیە ئێمەش بەهۆی پاپەندنەبوونی یانەی نەفت بە بەڵێنەکانیان، ریزی یانەکەمان جێهێشت، دوای ئەوەش بەهۆی ئاست بەرزیمان لە خولەکە، لەلایەن بەشێك لە یانەکانی عێراقی گرێبەستمان پێشکەش کرا، بەتایبەتی لەلایەن هەریەك لە یانەکانی زەورا و تەڵەبە و جەوییە و نەفتی میسان حدود و نەوتی باکوور و نەوتی باشوور و سەحەحە و چەندین یانەی دیکەش، گرێبەست بۆمن و یاریزانان هاتبوو و چاوی زۆرمان لەسەر بوو، بۆیە لە نێوان هەموو گرێبەستەکاندا گازی باکوورمان هەڵبژارد، کە یانەیەکی باشە و نموونەیە لە راستگۆیی و زۆریش دڵخۆشین»، گوتیشی: «چەندین گرێبەستمان لەگەڵ یاریزانان کردووە بۆ ئەوەی تیپەکەمان بکەینە یەکەمی عێراقی، گەشبینم بە ئاستی یاریزانان، کە دەتوانین کاری گەورە لەگەڵ ئەو یاریزانانە ئەنجام بدەین»، سەبارەت بە ئامادەکارییان بۆ خولەکانیش گوتی: «پشتیوان بە خودای گەورە هەموو هەوڵێك دەدەین باشترین ئەنجامان بۆ یانەکە هەبێت، کارگێڕیی یانەی گازی باکووریش گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە کچە یاریزان (شۆخان نورەدین، رۆندك عەلی، خەلات ئەسعەد، حەلیمە جەلیل، سارا عەبدوڵا، شانۆ محەمەد، سیپەل شوکر، شیلان عەبدوڵا، نیان مەزن، هێدی خان مەجید، ئاواز یونس، سەجا کامل) کردووە و، دەیانەوێ ئەم یاریزانانە رکابەریی سەرجەم یانەکانی عێراق بکەن و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، ئەو گرێبەستانە تەنیا بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقە و بۆ کوردستانیشە، ئێمە بەردەوامین لەگەڵ یانەکەی خۆمان کە چۆمانە.»



# هەڵۆ بەشداریی خولی نـ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان کە ئەمساڵ شانبەشانی یانەی چەمچەماڵ لە خولی پلە یەکی کوردستان سەرکەوت بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، تاکە یانەی ناوچەکەیە لە خولی پلە نایابی کوردستان ئەمساڵیش لە خولی پلە یەك هیچ یارییەکی نەدۆڕاند و توانی بە شایستەیی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەر چەندە دەنگۆی بەشداری نەکردنی یانەکە لە خولی پلە نایابی کوردستان هەبوو، بەڵام دواجار ئیدارەی یانەکە بڕیاریدا بەشداریی خولی نایابی کوردستان بکات، کە وابڕیارە یارییەکانی لە ١١/٢٦ بەڕێوە بچێت، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بۆ خولی نایابی کوردستان بە هەمان ستافی راهێنەر و یاریزانانی وەرزی رابردوو دەست پێ کردووە، کە هیچ یاریزانێکمان لە ریزی یانەکە نەڕۆیشتوە و، هیچ یاریزانێکمان نەهێناوەتەوە ریزی تیپەکەمان، هەرچەندە بڕیار نەبوو بەشداری بکەین، ئەگەر بە یەك خولی سەرەتایی بەڕێوەبچووایە، چونکە پارەیەکی زۆر مەسروفاتمان دەویست، ئێمەش ئەو ئیمکانییەتە داراییەمان لەدەستدا نەبوو، بەڵام کە بووە شێوازی گرووپ، بۆ ئێمە باشتر بوو، جگە لەوەش هەموو یاریزانەکان رازی بوون کە بەو ئیمکانییەتە کەمەش، هەر لای ئێمە بمێننەوە بۆ



## یابی کوردستان دەکات

خۆشەویستیی یانەکە و بەشداریکردن لە خولی نایابی کوردستان، بۆیە ئێمەش بۆ ئەوەی ماندووبوونمان بەفیڕۆ نەڕوات، کە وەرزی رابردوو ماندووبوونی زۆرمان چێشت بۆ سەرکەوتن بۆ خولی نایابی کوردستان، ئێستاش یاریزانەکان رازین بەم شێوەی کە پێکهاتووین، مووچەکانی ئێمە لە ٢٠٠هەزار تاکو ٦٠٠هەزار دینارە و دوو یاریزانی کوردی رۆژهەڵاتمان هێنابوو، ئەوانیش بەردەوام دەبن لەگەڵ ئێمە، کاپتن دینۆش کە کوڕی یانەکەیە و خەڵکی ناوچەکەیە، سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە دەکات لە خولی نایابی کوردستان، بەڵام باری داراییمان خراپە، دوای دوو ساڵ تازە پارەی کەلوپەلی وەرزشیمان داوە، کە بەقەرز هێنابوومان، هیچ کەسێك هاوکاریی نەکردووین، ئەگەر هەرکەسێك هاوکاریمان بکات، ئەوا کەمپی مەشقیش ئەنجام دەدەین»، ئەو راهێنەرە لە درێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: «هەوڵدەدەین لەسەر پێی خۆمان بوەستین، بەردەوامین و ناهێڵین ناوچەکەمان داببڕێت لە خولەکانی کوردستان، هەرچەندە ئێستا قەرزارین، بەڵام هەر بەردەوام دەبین»، لەبارەی بەشداری نەکردنیش لە یاریی کۆتایی خولی پلە یەکی کوردستان لە بەرامبەر یانەی چەمچەماڵ گوتی: «وەرزش یەکتر قبووڵکردن و هاوڕێیەتییە، بۆیە سەلامەتیی یاریزانان لای ئێمە، لە هەموو شێتك گرنگترە، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا.»




## چەندین یانەی عێراقی چاوەڕوانی محەمەد عەبدولخالقن




سوپەرستارەکەی کوردستان لە یاریی باسکە (محەمەد عەبدولخالق)ی یاریزانی باسکەی دیاری کوردستان و عێراق، تاکو ئێستا چارەنووسی خۆی بۆ وەرزی نوێی خولی باسکەی یانەکانی عێراقی یەکلایی نەکردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا ئەو یاریزانە لەگەڵ هەڵبژاردەی باسکەی عێراقی خەریکی ئەنجامدانی یارییەکانی پاڵاوتنی وڵاتانی ئاسیایە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و ئەوکات گرێبەستی یەکێك لە یانە باشەکانی عێراق مۆر بکات، ئەو لاوە کوردە وەرزی رابردوو لە خولی عێراقی بەرگریی لە درێسی یانەی دهۆك کرد، ئەمساڵیش تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکی بۆ داهاتووی خۆی نەداوە، لەم بارەشەوە محەمەد عەبدولخالق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تائێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە بۆ وەرزی نوێی خولی عێراقی، هەرچەندە چەندین یانەی عێراقی و کوردستان داوای گرێبەستیان لێ کردووم، بەتایبەتی هەریەك لە یانەکانی شورتە و نەفتی جنوب و دهۆك و غازی شیمال و حەشدی شەعبی و چەندین یانەی دیکە، بۆیە ئێستاش چاوەڕوانم کە یانەی تازە بەشداریی خولەکە دەکەن، زۆر یانە ماوە سەرکەوێت بۆ خولی نایاب، بۆیە ئێستا بڕیارەکەم دواخستووە». سەبارەت بەوەی کە ئایا بۆچی ئەوەندە مکوڕە لەسەر دواخستنی گرێبەست، محەمەد عەبدولخالق گوتی: «یانەکان زۆرن کە داوای یاریکردنیان لێم کردووە، جگە لەوەش چارەنووسی خولی عێراقی دیار نەکەوتووە، ئێستاش خۆم خەریکی ئەنجامدانی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراقم لە پاڵاوتنەکانی ئاسیا، بۆیە دەمەوێ گرێبەستێکی باش بێت، تا خۆم لەگەڵ تیپەکە بتوانم ئەنجامی باش بەدەست بهێنم و ئاسوودە بم لەگەڵ تیپەکە، ئەوکات بڕیارێکی دروست دەدەم بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، وەکو یاریزانیش هیچ گرفتێکم نییە و لەگەڵ زۆربەی یانەکانی عێراق پەیوەندیم باشە، تەنیا دەمەوێ بڕیاری کۆتاییم دوابخەم، بۆ ئەوەی بڕیارێکی دروست بدەم و بتوانم لەگەڵ هەرتیپێك کە یاریی بۆ بکەم، ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم و ئاسوودە بم لە ئەنجامدانی گرێبەستەکەم».

# حەبیب.. ۲۹یەمین یاری لەسەر یەکدی بەبێ دۆڕان



لە چوارچێوەی پاڵەوانێتی هونەرە جەنگییە تێکەڵەکان UFC، حەبیب نوورماگمادۆڤ (نورمحەمەدۆڤ)، ۲۹یەمین یاریی خۆی بەرامبەر جاستن گایتجی ئەمەریکی ئەنجامدا و سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

لە گەڕی دووەمی یارییەکە، کە لە شاری ئەبوزەبی بەڕێوەچوو، ئەو پاڵەوانە رووسییە بە پاڵەپەستۆی قاچەکانی لەسەر ملی، رکابەرە ئەمەریکییەکەی ناچارکرد داوای کۆتاییهێنانی یارییەکە بکات.

لە دوای یارییەکەی حەبیب وازهێنانی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو یارییە راگەیاند و گوتی: چیدیکە بەبێ ئامادەبوونی باوکم شەڕ ناکەم، بەو پێیەی پێشتر باوکی راهێنەری بوو، بەڵام رۆژی ۳ی تەممووزی ئەمساڵ، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

پێش ئەنجامدانی یارییەکە حەبیب رایگەیاند وازهێنانی لە یاریکردن لەسەر داوای دایکیەتی، کە پێشتر بەڵێنی پێداوە وازبهێنێت و گوتوویەتی: دایکم گوتی باوکتم لەدەستدا، نامەوێ تۆشم لە دەست بچێت.

لە دیمەنێکیش، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە، سەرەڕای سەرکەوتنی ئەو پاڵەوانە، بەڵام لە ناو یاریگا بە کوڵ دەگری و رۆژنامەوانانیش وایدادەنێن، کە حەبیب بۆ باوکی دەگری، چونکە تاکە یارییە، کە راهێنەرە هەمیشەییەکەی ئامادە نەبووە.

دوای یارییەکەش حەبیب لە ئینستاگرامەکەی وێنەیەکی خۆی و باوکی بڵاوکردەوە و لەگەڵیدا نووسیویەتی: کاتێك خوا لەگەڵتدا بێت، هیچ کەسێك ناتوانێت راتبگرێت، سوپاس باوکە گیان بۆ ئەو وانانەی فێرت کردم.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتنی ئەو پاڵەوانە، هاووڵاتیانی وڵاتەکەی دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد.



# گواردیۆلا ترسی لە پێکان هەیە

پێپ گواردیۆلا بەڕێوەبەری هونەریی یانەی مانچستەر سیتی هۆشداری دەدات لە تووشبوونی زیاتری یاریزانان بە پێکان و دەڵێت، دەبێت سەلامەتیی یاریزانان لە پێش هەموو شتێکەوە بێت.

پێپ گواردیۆلا لە بارەی پێکانی ئەگوێرۆ گوتی: ئەو لە یاریی رابردوودا لە ماسوولکەکانیدا تووشی پێکانبوو، پێکانەکەی ئەگوێرۆ دەکەوێتە سەر خێرایی چاکبوونەوەکەی، رەنگە ۱۰ یان ۱۵ رۆژ دووربکەوێتەوە یان سێ هەفتە یانیش مانگێک.

گواردیۆلا زیاتر گوتی: ناتان ئاکێ نزیکە لە گەڕانەوە و خیسۆسیش پێویستی بە هەفتەیەک تاوەکو ۱۰ رۆژی دیکە هەیە، لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەدا بیرمان لە گواستنەوەی هێرشبەرێک کردەوە، بەڵام نەمانتوانی، نەک لەبەر ئەوەی یانەکە بۆی نەکردم، بەڵکو نەمانتوانی، چونکە دەبێت تۆ هێرشبەرێک بگوازیتەوە، کە لە ئاستی خیسۆس و ئەگوێرۆ بێت، ئەوەشمان دەستنەکەوت.

گواردیۆلا لە درێژەی قسەکانیدا رەخنەی لە خشتەی یارییەکان گرت و بە هۆکاری سەرەکی بۆ پێکانی یاریزانان وەسفکرد و گوتی: بەراورد بە وەرزی رابردوو ٤٧٪ رێژەی تووشبوونی یاریزانی بە پێکان بەهۆی ماسوولکەکانیانەوە بەرزبووەتەوە، ئەمە تەنیا بارودۆخی مانچستەر سیتی نییە، بەڵکو بۆ هەموو یانەکانە لە راستیدا پێویستە لەسەر هەمووان بیر لە سەلامەتی یاریزانان بکرێتەوە و رێگە لەم رێژە زۆرەی پێکانیان بگیرێت، کاتێک دەگەینە مانگی ۱۱-۱۲ و ۱ی ساڵی داهاتوو، رێژەی پێکانەکان ئەگەر بەمشێوەیە بێت زۆر زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە شتێکی ئاسایی، چونکە گەرەنتی بۆ سەلامەتی یاریزانان نییە و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا کەوتن دەبێت.

# بارتۆمیۆ
# هۆکاری وازهێنانی لە سەرۆکایەتیی بەرشلۆنە ئاشکرا دەکات

جۆزێپ ماریا بارتۆمیۆ، سەرۆکی دەستلەکارکێشاوەی یانەی بەرشلۆنە، هۆکاری وازهێنانی لە پۆستی سەرۆکایەتی یانەکەی ئاشکراکرد.

بارتۆمیۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بە هەمووانی گوت: بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی کەتەلۆنیا ئامادەنەبوو، ماوەی ١٥ رۆژیان پێبدات بۆ ئەوەی ئامادەکاریی لوجێستی بکەن، لەگەڵ ئەندامانی کارگێڕیی یانەکە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی، کە واز لە کارەکانیان بهێنن و دەڵێت بڕیارێکی تەواومان داوە و پێشتر خوێندنەوە بۆ بڕیارەکە کرابوو.

بارتۆمیۆ لەو کۆنگرەیەدا گوتی: دوای دۆڕانمان بەرامبەر بایرن میونیخ بە ٢-٨ زۆر ئاسانبوو بڕیاری دەستلەکارکێشانەوە بدەم، بەڵام ئەو کاتە لە پێناو یانەکەدا ئەمەم نەکرد و کاتی بڕیاری قورس بوو، بۆیە دەستلەکارکێشانەوەی دواخست و بڕیاری مانەوەیدا.

سەرۆکی بەرشلۆنە زیاتر گوتی: سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە لە یانەکەدا هاوکارییان کردووم لە دوای هاتنم بۆ یانەکە لە ساڵی ٢٠١٠ەوە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ساندرۆ روسێلدا، سوپاسی هاوڕێکانم و کارگێڕیی یانەکە دەکەم، سوپاس بۆ بەرشلۆنە.

جۆزێپ لە دوایین کۆنگرەیدا وەک سەرۆکی بەرشلۆنە گوتی: رازیبوون بەوەی بەشداری لە سوپەرلیگ بکەن و رەزامەندیان لەسەر شێوازی نوێ جامی جیهانی یانەکانیش داوە، سوپەرلیگ پاڵەوانێتییەکی نوێیە و داهاتەکەی دەگاتە ٥ ملیار یۆرۆ و یانەکانی وەکو لیڤەرپوول و مانچستەر یۆنایتد و ریال مەدریدیش تێیدا بەشداردەبن.

لە بەشێکی قسەکانیدا بارتۆمیۆ ستایشی کارکردنی خۆی وەکو سەرۆکی بەرشلۆنە کرد و گوتی: کێ راهێنەرێکی نوێ دەستنیشان دەکات؟ کێ وادەکات مێسی بمێنێتەوە؟ ئێمە وەکو کارگێڕیی یانەکە ئەم بڕیارەمان دا.

لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تاوەکو ئێستا هاندەرانی بەرشلۆنە زۆر رۆژی خۆشیان تێپەڕاندووە لەسەر ئاستی ئەوروپا و ناوخۆ چەند یاریزان و راهێنەرێکی نوێ هاتوونەتە یانەکە و ٣٤ نازناوی بردووەتەوە، کە ٢٢ نازناویان لەسەردەمی کارگێڕیی ئێستای یانەکەبووە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا و لە سەردەمی کارکردنی مندا یانەکە زۆرترین نازناوی بردووەتەوە.

بارتۆمیۆ بە رۆژنامەنووسانی گوت: بەر لەوەی دەستلەکاربکێشێتەوە، هەڕەشە لە خۆی و خانەوادە و هاوڕێکانی کراوە، رەتیشیکردەوە کە ویستبێت، دەستبەسەر یانەکەدا بگرێت، بەڵگەشی بەوە هێنایەوە، کە داوایکردووە مانگی ئاداری داهاتوو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی یانەکە بەڕێوەبچن.

لە کۆتایی قسەکانیدا جۆزێپ ماریا بارتۆمیۆ هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ بەرشلۆنە خواست و گوتی: هیوادارم بەرشلۆنە لە داهاتوودا باشترین سەرۆک و کارگێڕیی هەبێت، شانازی بەم یانەیەوە دەکەم و بەرشلۆنە هەمیشە یانەیەکی پابەند بووە، سوپاس بۆ هەموو شتێک.

بارتۆمیۆ لە ١٣-١-٢٠١٤ پۆستی سەرۆکایەتی بەرشلۆنەی وەرگرت، تاوەکو ٢٧-١٠-٢٠٢٠ ماوەی زیاتر لە ١٩٠٠ رۆژ سەرۆکی یانەکە بوو.

